



## 4ی ئایار

# لە کردەوەیەکی تیرۆریستی خۆکوژی وەحشیانەدا

## ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانەی بەرەو پیری ژیان دەچوون شەهید و بریندار بوون





کاتژمێر(٢٠و٩) دەقیقەی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ تیرۆریستێک خۆی خزاندە ناو ئەو قەرەباڵغییەی کە هاوولآتییان خۆیان ناونووس دەکرد بۆ ڕیزەکانی هێزی پۆلیس لە بارەگای لیژنەی ناوچەی ناوخۆی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی تەقاندەوە، لە ئەنجامدا پتر لە (١٠٠)کەس بەرئەم کارە خۆکوژییە تیرۆریستییە کەوتن و تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە (٤٦)کەس لە بەر کەوتووەکان شەهید بوون و ٦٧کەس بریندار بووینە، لەمبارەیەوە بەڕێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە راگەیاندنێکدا گوتی: ئەمجۆرە کارە ترسنۆکانە نامانترسێنێت و ناشتۆانی بمانتۆقێنێت و ئێمە بەردەوام دەبین لە جەنگدا لە دژی تیرۆر تا ئەوەی لەڕەگ وریشەوە قەلاچۆیان دەکەین و ئەم کارە لە لایان تیرۆریستان و دوژمنانی گەلەکەمان پیادەکراوە زیانێکی گەورەی بەو شارە و بەو خەڵکە گەیاند کە ریزیان بەستبوو بۆ خۆ ناونووس کردن بۆ ریزەکانی هێزی پۆلیس بۆ پاسەوانیەتی هاوولآتیان و گەلەکەمان و ئێستا بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانن و بە سەرپەرشتی راستەوخۆی وەزیری تەندروستی لە ژێر چارەسەرکردن و تیمارکردندان، لە نێو بریندارەکان حالآتی جیاجیا هەیە، لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، شیفایان بۆ بنێرێ و سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکانیش دەکەین.

هەروەها سەرچاوەیەک لە دەزگاکانی پۆلیسەوە رایگەیاند کە تیرۆریستێک خۆی خزاندۆتە ناو ریزی ئەو گەنجانەی کە لە بنکەیەکی خۆبەخشکار خۆیان ناونووس دەکرد بۆ بە پاسەوانی و هێزی ناوخۆ بۆ پاراستنی سەروگیانی هاوولآتییان وبەرقەراری یاسا خۆی تەقاندۆتەوە لە ئەنجامی ئەم کارەش ژمارەیەکی زۆر لە هاوولآتییان شەهید و بریندار بووینە و(تەقینەوەکەش لە پشت میوانخانەی زەیتونە رووی دا).

ئا: رۆژگار پاڵانی
فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی





## ناوی ژمارەیەک لە شەهید و برینداره‌کانی تەقینەوەکە:

### ناوی ژمارەیەک لە شەهیدان

تەها مەولود حەسەن

فەرهاد محەمەد حەسەن

پێشەوا عومەر حەمەد

کەریم ئەحمەد حەمەدەمین

فەهمی عەلی ئیسماعیل

وریا ئەحمەد

لەتیف شێخ ئەحمەد مستەفا

شەعبان رەمەزان تەها

بەختیار عەبدولرەحمان بەکر

ئەرسەلان عەبدولجەبار

رێباز هەژار

ئومێد حەسەن تەها

سەیفەدین عەلی حەمەد

خەلیل خالد عەلی

سەعد عەلی حەمەد

عەلی قادر زیاد

بارزان پشتیوان حەمەدەمین

محەمەد مەعروف کەریم

دیار عەبدوڵڵا محەمەد

سێبور موحسین سەلیم

جەوهەر عەبدوڵڵا حەمەدەمین

بەشدار حاتەم قادر

کەریم محەمەد

سۆران تاقی رەشید

زیاد حەمەد ئەمین

سەباح سابیر شەهاب

پشتیوان عومەر

## ناوی ژمارەیەک لە بریندارەکان

خەلات حەسەن محەمەد ١٩٨٤
فارس عەولا عەزیز ١٩٨٣ /باداوە
سەرباز مەولود حەسەن ١٩٨٧ /شەقلاوە
شێروان حەمەخان حسین ١٩٧٨ /دارەتوو
خالید مەحمود مەغدید ١٩٨٧ /باتاس
زیاد حەمەدەمین یوسف ١٩٨٧ /برایەتی
هەلمەت خدر رەسول ١٩٨٢ /باتاس
سەنعان کەریم مەولود ١٩٨٣ /گلکەند
هێرش ئیسماعیل عەلی ١٩٨٣ /سیتاقان
هیمەت خدر رەسول ١٩٨٦ /باتاس
شێروان زاهیر ١٩٨٥ /برایەتی
ئەرسەلان حەمەد کەریم ١٩٧٦ /باداوە
رێبوار ئیبراهیم ئەحمەد ١٩٨٦ /شەقلاوە
هونەر عومەر
مەولود ئەحمەد سلیمان /١٩٧٧ گوندی قەرەقات
فیراس محەمەد عیسا
عەبدولمتەلیب حەمەدەمین
ستار نوری ئیبراهیم/ هەریر
سەنگەر ئەحمەد باپیر
مەجید عەبدوڵڵا ئیبراهیم
ئیدریس مشیر رۆستەم
عومەر زیاب
سەردار ئیبراهیم یوسف/ هریر
عومەر حاتەم / هریر
ئازاد ئیسماعیل مستەفا/ سۆران
ئەرکان کەریم ساڵح/ قوشتەپە
نیعمەت عەزیز
یەحیا عەدنان
ئاوارە شیرزاد سلیمان / شەقلاوە
شیروان قادر حوسێن/ شەقلاوە
هەرێم دلشاد عەبدوڵڵا/ شەقلاوە
عەبدولستار قادر عومەر/ شەقلاوە
شیروان زرار/ شەقلاوە
حەکیم خدر تەها/ هریر
شیروان تاهیر عەبدولکەریم
دلێر ئەحمەد
فەرید مەغدید سەعید







**بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ لە شاری هەولێر و لەبەردەم لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ کە لەلایەن تاریکپەرستێکەوە ئەنجامدرا، بەرامبەر لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

لەکاتێکدا هاووڵاتییانی کوردستان لە سەقامگیری باری ئاسایش و هێمنایەتی و بەرەو پێشچووندان و لە دەمێکدا بوژانەوەیەکی بەرچاو لە بوارە جیاجیاکانی ژیان و گوزەرانیان بەرچاوە کە دیارە دوژمن و ناحەزانی فیدراڵییەت و دیموکراتییەت ئاسوودەیی چاویان پێ هەڵنایەت، ئا لەم کاتەدا شەمشەمە کوێرەکانی تاوان جارێکی دی دەستیان بە خوێنی گەشی رۆڵە بێ تاوانەکانی ئەم وڵاتە سەربەرزە سوور دەکەن و تاوانێکی تری دوور لە هەرچی بەهای ئاسمانی و رەوشتی بەرزی مرۆڤایەتی هەیە ئەنجامی دەدەن، ئەوەتا سەر لەبەیانی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٥/٥/٤ لەبەردەم بارەگای لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆی سەر بە لق ٢ی پارتیمان لەگەڕەکی سەیداوە بەرامبەر هۆڵی میدیا، لە کردەوەیەکی خۆکوژیدا، تاوانبارێک خۆی تەقاندەوە و بووە هۆی شەهید و برینداربوونی دەیان هاووڵاتی بێ گوناه، بەمەش تاوانباران پەڵەیەکی رەشی تر دەخەنە تەوێڵ و نێوچەوانی خۆیانەوە و، گەلەکەشمان خەمبار و تازیەبار دەکەن، بەڵام نە ئەم تاوانە و نە تاوانەکانی دیکەشیان هەرگیز ئیرادەی پتەوی ئەم گەلە سست و لاواز ناکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە شێلگیرتر پێ لەسەر بەردەوامبوون لەسەر چەسپاندنی دەستکەوتەکان و بنیاتنان و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان دادەگرێت و کاروانی خۆی بێ راوەستان بەرەو دەستکەوت وئامانجە رەوا مێژووییەکانی دەبات.

ئێمە بە توندی ئەم جینایەتە نوێیەی تیرۆریستانی بێ ویژدان ریسوا و مەحکووم دەکەین و بەڵێن بە جەماوەری کوردستانیش دەدەین کەوا ئەوانەی نەخشە بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دەکێشن زوو یان درەنگ هەر بە سزای خۆیان دەگەیەندرێن و تۆڵەی خوێنی شەهیدان و قوربانییەکانیشیان لێدەکرێتەوە و بۆ هەتا هەتایەش رووبەڕووی لەعنەتی گەل و مێژوو دەبن.

پرسە و سەرەخۆشی لە خۆمان و لە خانەوادە و کەس وکاری شەهیدە نەمرەکانی ئەم تاوانە دەکەین و لە خوای گەورە و دلۆڤان داواکارین گیانیان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات. لەگەڵ ئومێدی چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان.

**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**٢٠٠٥/٥/٤**







**بەیاننامەی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ لە شاری هەولێر و لەبەردەم لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ کە لەلایەن تاریکپەرستێکەوە ئەنجامدرا بەرامبەر لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

کاتژمێر ٩/٢٠دەقیقەی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٤لە کاتێکدا کە پۆلێک لاوی خوێن گەرمی شاری هەولێر و دەوروبەری بە مەبەستی ناونووس کردنیان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەرکێکی پیرۆزی نیشتمان پەروەری و خزمەت کردن لە بواری پاراستنی شار و شارۆچکەکانی هەولێر و پاراستنی سەرومالی هاوولاتییان روویان لە بارەگای هێزی ناوخۆ کردبوو لە شاری هەلێر. تیرۆریستێکی دژ بە مرۆڤایەتی خۆی خزاندبووە ناو ریزی ئامادەبووان وبەر لە چوونە ژوورەوەیان لە شەقامێکی ناو مالاندا لە کارێکی ترسنۆکانەی خۆکوژی دا خۆی تەقاندەوە و لە ئەنجامدا دەیان لاوی شەهید وبریندار کرد.
ئێمە لە کاتێکدا بە داخەوە ئەم هەواڵە دڵتەزێنە رادەگەینین، دڵنیاشتان دەکەینەوە کەوا هەوڵی ترسنۆکانەی دوژمنانی کوردستان وئەزموونە سەرکەوتووەکەی بۆ تێکدانی باری ئارامی سەقامگیری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەمیشە پوچەڵ و بێ ئەنجام دەبێت و مێژووی هەولێر دێرینیش پڕە لەم بەرەنگاربوونەوانە، کە هەمیشە بە خوێن و فیداکاری رۆڵە سەربەرزەکانی قەلاو منارە و سەفین و قەرچوغ و هەیبەسولتانو بەنی هەریرو دەشت و دۆڵەکانی و لەسایەی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆراگرترتو و ئارامتر و ئاوەدان تر دەبێت.
لەم کارە تیرۆریستییە خەمناکەدا سەری رێز و وەفاداری بۆ شەهیدانی ئەم کارەساتەدا دادەنوێنین و جەماوەری خۆڕاگری شاری هەلێر و دەورەوبەرشی دڵنیا دەکەینەوە کە پلانی ناحەزان سورترمان دەکات لە سەرخەبات و بەرەو پێش چوون و زیاتر هوشیارمان دەکاتەوە بەرامبەر پلانی دوژمنان و دڵنیاشین وەکو هەمیشە چاوی جەماوەر لەگەڵ دەزگاکانی هێزی ناوخۆ دایە بۆ زیاتر پاراستنی ئەمنیەتی شاروشارۆچکەکانمان داوا لە خوای گەورە دەکەین ئەم پۆلە شەهیدە بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبووریش بەکەس و کارە سەربەرزەکانیان ببەخشێت و ئومێدی چاک بوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین و بەڵێن دەدەین نەوەستین تا تیرۆرستان و داروەدستەکانیان بە سزای توندی گەل و یاساو پارتی بگەن.

بژی کورد بژی کوردستان

**بەیاننامەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی تاوانە چەپەڵەکەی رۆژی ٢٠٠٥/٥/٤ لە شاری هەولێر و لەبەردەم لیژنەی ناوچەی هێزی ناوخۆ کە لەلایەن تاریکپەرستێکەوە ئەنجامدرا بەرامبەر لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

رێکەوتی ٤ی مایس/ ٢٠٠٥ کاتژمێر (٩:٢٠) بەیانی لەبەردەم یەکێک لە بنکەکانی تۆمارکردنی دامەزراندن لە هەولێر نزیک ئوتێلی زەیتونە کردەوەیەکی تیرۆریستی خۆکوژی ئەنجام درا، بەهۆی قایشێکی مینڕێژکراو (حزام ناسف) کە بە کەسە تیرۆریستێکەوە بەسترابوو. لە ئەنجامدا بووە هۆی شەهید بوونی (٤٦) کەس و برینداربوونی (٧١) کەسی تر لە هاوولاتیانی سیڤیلی هەولێر. ئەو کردەوەیەش لە کاتێکدا بوو کە ئەو هاوولاتییانە بە نیازی ناونووسکردنیان بوون بۆ ئەوەی لە ریزەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ دابمەزرێن. سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە وا دەگەیەنن ئەو کارە تیرۆریستیە لە رێگای تۆڕی تیرۆریستانی سەر بە ئەنسار ولئیسلام ئەنجام دراوە و جۆر و شێوازی تەقینەوەکەش وەک کارە تیرۆریەکەی (١ی شوبات)ی، پار ساڵە.
ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ بە هاوولاتییانی خۆشەویست و سەرجەم گەلی کوردستان و خانەوادەی قوربانیانی ئەم رووداوە رادەگەیەنین وەک دەزگاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبیین لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ورد لە سەر جێبەجێ کار و ئەو کەسانەی لە پشت ئەم کردەوە تیرۆریانەن و بە زووترین کات لەبەردەم دادگا و حوکمی یاسا و دادوەری ئامادەیان دەکەین.
بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە هەمیشە دڵسۆز و پێشمەرگەی بە وەفای سەنگەری یاسا پارێزی و خزمەتکردن و ئیشکگرتن بین لە پاراستنی سەر و ماڵ و خاکی کوردستانمان. میللەتەکەمان سالانێکی زۆر خەبات و ماندووبوون و قوربانی داوە بۆ ئەوەی بە ئازادی و ئاشتی بژین و کۆمەڵگایەکی هێمن و هاوچەرخ و شارستانی دابین بکەین کە تیایدا ریز لە ماف و ئەرکەکان بگیرێت و سیستەمی یاسا و عەدالەت تێیدا بەرقەرار بێت و هەموو کەسێک لە سەر و ماڵ و ژیان و ماف و ئازادییەکانی دڵنیا بێت.
هەر شاد بێت روحی ئەو شەهیدانە و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و هیوای چاک بوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین.

